# دەستان لەگەرووی خەلك ناوە و منەتیشیان بەسەردادەكەن!؟

## جاریكیتر لەبارەی قسەكانی مەلابەختیارەوە

محمد غفور
mgafor@yahoo.com

مەلابەختیار هەرلەو چاوپیكەوتنەی لەگەڵ رادیۆی لاوانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیراندا لەشاری یۆتۆبۆری سوید، لەبەشیكی ترلەقسە وچەواشەكارییەكانیدا ئەلی: (...ئیوە لەهەموو كوردستان 10 كریكارتان لەگەڵ نییە. بۆ كریكارلەگەڵ ئیمەیە، لەبەرئەوە كریكار ئەزانێ لە5سالی رابردوودا ئیمە دووبەرامبەر مەعاشی كریكارمان زیادكردووە. زیاتر لە3000كریكار ئەرزمان بەسەردا تەوزیعكردوون، وەسەدان كریكار خانوومان داوەتێ، بیمەی ژیانیمان تەئمینكردووە، منالەكانیمان تەئمینكردووە. بۆیە كریكار لەگەڵ ئیمەیە ولەگەڵ ئیوە نییە. خۆهەر بەقسە لەگەڵ ئیمە نییە، بەدەسەلات بەدابینكردنی پیویستییەكانی لەگەلمانە. تۆش هەر قسەدەكەیت....).

ئایا ئەم قسانەی مەلا بەختیار دەتوانی لەگەل راستیيەكانی ژیانی كریكاران وخەلكی دەستكورت و هەژاری كوردستان بیتەوە؟ ئایا بەراستی ئەم هەموو منەتانەی مەلا بەختیار دەتوانی ئەورۆژە سەخت و پرلەنەبوونی وبیدەرەتانیانە لەبیر خەلكی كوردستان بباتەوە كەتیایدا موحتاج بوون بۆ"ئاردی سپی" و"رۆنی دلنیا" و "نەوتی خالس" و "كارەبای 24 سەعاتە" و دەیان پیویستی سەرەتایی رۆژانە كەلەژیر سایەی دەسەلاتی یەكیتیدا بۆیان ببووە مەحال؟ ئایا خزمەتیك كەمەلابەخیتار و حیزبەكەی پیشكەش بەكریكارانیان كردوە دەتوانی لەگەل واقعیەیتیكدا بیتەوە كە لاوان، یانی كورانو كچانی كریكار و دەستكورت، ناچاربوون لەبەر نەبوونی بیدەرەتانی رووبكەنە هەندەران وبەشیكیشیان دەستبەرن بۆفرۆشتنی خۆین و پارچەكانی لەشیان؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر كەئامارژە بەژیانیكی تال و پرمەینەتی یەك دەیەی خەلكی كوردستان دەدەن، كەهەرگیز ئەم منەتفرۆشتنەی مەلا بەختیار ناتوانی ئاسەوارەكانی سوككاتەوە.. بەلام بابزانین ئەم ئیدیعایانەی مەلابەختیار تاچەندە جیگای هەیە.

ئەگەر واشدابنیین وەك دەلی دووبەرامبەر مەعاشی كریكاریان زیادكردووە، بەلام كۆمەلگایەكی موستەهلەكی وەكو كوردستان لەلایەك وبێسەرەوبەرەیی وگەندەلی ئیداری وراووررووتی سەران ولیپرسراوانی حیزبی وحكومەتییان لەولای ترەوە، لەتەنیشت هەڵئاوسان وچوونەسەری

نرخەکانەوە چاولیبکەن وجەنگ وپیکدادانەکانیشیان باسەرباربێ، ئەوسا راستی ئەم چەواشەکارییەی مەلابەختیار دەردەکەوێ. لەو 5سالەدا نرخی پیداویستییەکانی ژیانی خەلك 10بەرامبەر زیادی کردووە. نرخی ئەرزە وخانوو بەجۆریك فریوە کەکریکاران وفەرمانبەران بەخەویش نەك هەرخانووی خۆیان نابینن، بەلکو لەکوردستانی ژیرسایەی مەلابەختیار وحیزبەکانیدا کرێخانووش بۆتە گرفتیکی هەرە زەحمەتی ژیانی خەلك وناچارن خیزانی 5 و6 نەفەری وزیاتریش لەتەنیا ژووریکدا بژین! ئەو ئیدیعایەش کەدەلی ئەرزەیان داوە بە3000کریکار جیگای پرسیارە! دەبێ ئەم هەوالە لەرۆژنامە وتەلەفویۆنەکانەوە پەخشبکرایەوە. بەلام ئەو ژمارەیە مقارنە بکەن بەژمارەی کریکارانی کوردستان، یائەو بەشەی ناوچەکانی ژیردەستی حیزبەکەی مەلابەختیار. بزانن ئەمە کەئەگەر رووشیدابێ، چەندە کەم وناچیزە لەبەرامبەر ئەو هیزە عەزیمەی کریکاراندا کەچەرخانی کۆمەلگای لەسەر شانە!! لەسالی 991دا بەتەنها لەکارگەی جگەرەی سلیمانی زیاتر لە3000کریکار میلاك بووە، جگەلەو کریکارانەی کەبەهۆی سیاسی وجەیشی شعبی ومەسائلی ترەوە لەکارگە دەرکرابوون!! هەزاران کریکار لەدەواجنەکاندا کاردەکەن. چیمەنتۆی تاسلوجە وسەرچنار وکارگەی شەکر و خەیاتە وکریکارنی بیناسازی وئەهلییەکان وفیتەرییەکان وگازینۆ وچیشتخانەکان وکریکارانی کشتوکالی وشارەوانی وفەرمانگاکان و..تد، بائەو ژمارە گەورەیە لەدەسفرۆشان وعەرەبانچیان وبیکاران، ورەنج وماندوویی هەزاران هەزار ژنی مالەوەش بەبێ کرێ لەوێ بوەستێ! لە14سالدا 3هەزار ئەرزەتان توزیعکردووە، ئەی چۆن بۆیان ئەکریتە خانوو! نرخی موادی ئینشائی خەیالییە. لەمەلابەختیار دەپرسم، ئەوکور وکچانەی سالی 990 تەمەنیان 5و6سالبوون،ئیستا 19و20سالن. ئەرزە وخانوو بەچەند لەمانە دراوە؟ ریژەی چوونەسەری دانیشتوان لەبەرامبەر کردنەوەی شوقەی سکنی وخانووی پیویستدا سەرنج بدەن. ئەصلەن بۆچی دەبێ ئیوە ئەرزە بەخەلکی بدەن!؟ ئیوە چین ولەکویوە ئەم حەقەتان بەخۆتان داوە کەدەستبگرن بەسەر موقەدەرات وسەروەت وداهاتی ئەم کۆمەلگایەدا؟ ئیوە کەلەشاخ هاتنەخوار چەندتان ملیۆنیربوون!! ئیستا ژمارەی ملیۆنیرەکانتان دەنگی داوەتەوە! پارەوپوولی خەیالی وباناوەردەی ژیردەستتان بووە هۆی هەراو شەر لەنیوان خۆتاندا وئاشکرابوو لیتان، تەرازووی هیزی کۆمەلایەتی کوردستان لەوەتەی بەریزتان بوونەتە شت وخاوەنمالّ زۆرلاسەنگبووە بەلای ئەقەللیەتیکی مشەخۆردا کەئیوە خۆتان بەشیکی پیکدینن. ئەم هەموو داهاتە بۆچی لای ژمارەیەکی کەم کوردزمان کۆبۆتەوە وئەکسەرییەتی عەزیمی خەلکی کوردستانیش بیکار

ودەسفرۆش وکریکار ومامۆستا وبێخانەولانە بن، وژمارەیەکی ئیجگار زۆر لییان لەژێرخەتی هەژارییەوەبن! ئەلی بیمەی ژیانی کریکارمان دابینکردووە، منالەکانیمان تەئمینکردووە. سەیرە چینیك کەچەرخی ژیانی ماددی وئابووری وکۆمەلاّیەتی کۆمەلگا هەلدەسوورینێ، ئەبێ ژمارەیەك ریگر کەبەزۆری چەك خۆیان سەپاندووە، ژیانیان تەئمین بکەن!! کێ ئەم قسانە لەمەلابەختیار وەردەگرێ؟ ریژەی چەند لەسەدی منالاّن سالاّنە ناچارن بۆ کارکردن واز لەخویندن بهینن ولەشولاری ناسکیان پەرەپەرە بتویتەوە وسەرمایەکەلەکەبکات بۆتان! ژمارەی ئەو لاوانەی روویانکردۆتە ئیران وئوردون بۆ کارکردن چەندە؟ کامەیە قانوونکاریکی نیوەناچلی کریکاری!؟چەند لەسەدی خویندکارانی کوردستان بەهۆی نەبوونی فرسەتی تەعینبوونەوە، یاخود بەهۆی کەمی مووچەوە، ناچارن ببنە چەکدار وپۆلیس وئاسایش!؟ ئیستاش بەیاساکانی رژیمی بەعس کاردەکەن. جەنابی مەلابەختیار ناچاربووە دانبنێ بەچینی کریکاردا وەکو ناسنامەیەکی هاوچەرخ. دەنا لەفەرهەنگ وئایدیۆلۆژیای کوردایەتیدا ئینسان یان نییە، یان کوردە! هەموو شتیك کوردییە، هەمووی بۆ کوردایەتییە. ژنی کورد، منالی کورد، کریکاری کورد، فەرمانبەری کورد..تد. سەیر لەوەدایە مەلابەختیار پیێیوایە هەرچی ئەوان ووتیان تەواوە وقبولّکراوە. دەلی کریکار لەگەلّ ئەواندایە ولەگەلّ ئیمە نین. چونکە دەسەلاّتیان هەیە وپیویستییەکانیان بۆ دابین کردوون. لەم 15سالەدا کەئیوە،ناسیونالیزمی کورد کوردستانتان دراوەتەدەست، ئەو ئەندازەیە لەگەشەو بەرەوپیشەوەچوون کەلەکوردستان روویداوە، وخۆتانی پیوەبادەدەن، لەچاو ئەوەی کەلەژێرسایەی دەسەلاتیکی تەنانەت نیمچە مەدەنی وسکۆلاریشدا بەسەر کوردستاندا دەتوانرا رووبدات، سەدهیندە دەبوو. ئیوە بەزەبری چەکەکانتان 15سالە ریگەتان بەخەلکی کوردستان گرتووە وبوونەتە کۆسپیکی سەرەکی بەردەم رزگاربوونیان لەپلەدوویی وستەمی قەومی بەسەریانەوە، ولەژێر سایەی دەسەلاّتی سەربازی ئەمریکادا دوای 15سالّ جیایی وسەربەخۆیی کوردستان لەعیراق، دەستان خستەناودەستی کۆنەپەرستترین هیزە ئیسلامییەکانەوە وئایندە وچارەنووسی خەلکی کوردستانتان دووبارە گرێدایەوە بەعیراقیکی عروبی –ئیسلامییەوە. بەملهوری وتیرۆر وتۆقاندن خەلکتان ترساندووە ودەستان بەسەر هەستونیستی کۆمەلگادا گرتووە وپیشماندەلین خەلك وکریکارمان لەگەلّدایە، ومنەتیشیان بەسەردادەکەن!؟ خودی ئەم هەلویست ومەوقعییەتە دیفاعییەی مەلابەختیار لەبەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا، وەکۆبوونەوەی 10هەزارکەسی لەمەراسیمەکانی 1یەکی ئایارەکاندا لەسلیمانی ولەهەولیریش، قبولکردنی گوشاری جمهوری

ئیسلامی ئیران لەلایەن یەکیتی نیشتمانییەوە بۆ پەلاماری چەکداریان بۆ سەر حیزبی ئیمە، بەلگەی رۆشن ویەکلاکەرەوەن بۆ ئەوە کەراستە ئیستا بەموەقەت خەلك وکریکار دەسەلاتی ئیوەی قبولکردووە، بەلام هەر ئەم خەلکە بەفەزلی هەلویستی رادیکال وکۆمۆنیستی ئەم حیزبە، ورەخنەی نەترس وکاریگەری وتەبلیغات ورۆشنگەرییەکانییەوە، بەگۆشت وئیسکیانەوە درکیان بەوە کردووە کەبەدیهاتنی سەعادەتی کۆمەلایەتیان لەکوردستان بەندە بەپاککردنەوەی ئیوە وبزووتنەوەی کوردایەتی لەسەر ریگای خەباتیان. کۆمۆنیزمی کریکاری لەپیش دابەزینی ئیوە لەشاخەوە بۆ شار، لەشووراکاندا لەگەل خواست وئارەزووەکانی خەلك وکریکاراندا گریی خوارد ولەم چەند سالەشدا کۆلیك تەجروبەی داوەتە ئەم کۆمەلگایە وئەم پەیوەندییە مەحکەمتربووە. تەنها یەکیك لەوانە وەستانەوە و رەخنەی جەسوورانەیە بەرامبەر بەخورافەی نەتەوەچیتی. دنیا هەروا تەخت نییە تاسەر. رۆژی تریش لەریدایە!

4ئایار2005